# سانت ئۆگۆستین: دەربارەی مامۆستا

له ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(٢ - ٣)

**ئۆگۆستین:** بەلای کەمەوە تۆ لەوە تێ دەگەی کە هەموو شتێکی ڕەنگیی دەبینرێ و هەموو دیتراوێکیش ڕەنگی هەیە، ئەم هەردوو وشــەیەش بە تەواوەتی ئەرکــێکی نیشاندانی جیاوازیان لە یەکتری هەیە و دەردەبڕن.

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** دواتر چۆن دەبێ، ئەگەر بەو پێودانگە و بەو شـێـوازە هەر وشـەیەک ناوێک و هەر ناوێک وشـەیەک بێت، ئەنجا لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو دوو ناوە، هەردوو وشەکە، واتا ناو و وشە ئەرکـێکی دەستنیشـانکردنی لەیەکتری جیاواز دەربخەن؟!

**ئەدیودات:** ئەوە لەلام ڕوونە کـە دەکـرێ ئەمــە وابێ، بەڵام من چاوەڕێی بەڵگەی سـاغ کـردنەوەت لێ دەکـەم چۆن ئەمە وایە؟

**ئۆگۆستین:** تۆ دەزانی، وەک من مەبەستمە، چی بەهۆی دەربڕینی دەنگ و بەکـۆمـەکی دەسـتنیـشـان کـردن پەیدا دەبێ، ئیتر بەرگوێ بکەوێ بۆ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، یان ببێ بە کـەرەســتـە و بابەتی هۆش بـۆ ئەوەی بتـوانرێ بزانرێ.

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** ئیـتر دوو ڕووداو دێنە بەردەم کاتێک ئێمە بەجۆرێک لەو دەنگ و دەربڕینە دەیخەینە بەرچاو.

**ئەدیودات:** ئەمە وایە.

**ئۆگـۆســتین:** ئایا وشە بە شـتی یەکـەم و ناو بە شـتـە دووەمـەکە دەگـوترێ و وشـەی کـردار (ڤـێـربا) لە وشـەی تووش بوون و وشەی ناو (نومینا) لە زانین و ناسینەوە و یەکـەمـیـان بەپێی بیـسـتن (گـوێ) و دووەمـیـان بەپێی دەروون (گیان) دەکرێ ناوببرێن؟

**ئەدیودات:** من ئەمەت بۆ دەسەلمێنم ئەگەر بێتو بەڵگە



**سانت ئۆگۆستین**

بهێنیتەوە، چۆن مافی ئەوەمان دەبێت هەموو وشەیەک بە ناودابنێین.

**ئۆگۆستین:** ئەمە ئاسانە، من لەو باوەڕەدام کە تۆ بیستووتە و دەستبەرداریشی نابی کە ڕاناو Pronomen وشەیەکە کە جێگای ناو دەگرێتەوە، بەڵام لەناو کەمتر شتەکە دیار و دەستنیشان دەکات، ئەمەش وەک من مەبەستمە بڵێم، ئەو پێناسەیەیە کە تۆ و پسپۆڕانی ڕێزمان داوتانەتە دەست: «ڕاناو بەشێکی دەستەواژەیە کە جێگای ڕستەکە خۆی دەگرێتەوە و ڕاستە کەمتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو شتە دیار و دەستنیشان دەکات».

**ئەدیودات:** من ئەمەم لە یادە و پەسندی دەکەم.

**ئۆگۆستین:** کەواتە تۆ ئیتر دەبینی بەپێی ئەو پێناسەیە ڕاناوەکان ڕاستە و ڕاست دەچنە ژێر باری ناوەوەو دەکرێ تەنیا هەر دەتوانن جێگای ئەو بگرنەوە، ئەگەر ئێمە بڵێین: «ئەو پیاوە، شا خۆی، ئەو ژنە، ئەو زێڕە، ئەو زیوە»، کەواتە: «ئەمە، خۆی، هەر خۆی، ئەوە» ڕاناون. «پیاو، شا، ژن، زێڕ، زیو» ناون کە بەهۆیانەوە شتەکان بە تەواوەتیتر لە چاو ڕاناو دیار و دەستنیشان دەکرێن.

**ئەدیودات:** ئەوە دەبینم و دەیسەلمێنم.

**ئۆگۆستین:** ئێستا چەند ئامرازێکی پێوەندیم، بەدڵی خۆت، پێ بڵێ:

**ئەدیودات:** هەروەها و بەڵکو، بە تایبەتی، کەوابوو، بەڵام...تاد.

**ئۆگۆستین:** مەبەستت ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی دەرت بڕین گشتیان ناون؟

**ئەدیودات:** بەهیچ جۆرێک نەء.

**ئۆگۆستین:** ئایا وا بۆت دەرناکەوێ دەربڕین و قسەکەی من ڕاستودروستە کە دەڵێم: «هەموو ئەوانە، کە تۆ دەرت بڕین» ؟!

**ئەدیودات:** ئەوپەڕی ڕاستە. من تێ دەگەم، ئێستا تۆ بە شێوازێکی جوان بۆت ڕوون کردمەوە، من چەند ناوێکم هێناوە، ئەگەرنا قسەکەم «هەموو ئەوانە» ڕاست نەدەبوو، بەڵام من هەر لەوە بە گومانم، قسەکەت ڕاستە-وەک من بۆی بچم، چونکە چوار ئامرازی پێوەندییەکە چەند وشەیەکن و من نکوڵی لەوە ناکەم، ئیتر بۆیە ئەو قسەیە (ئەمە گشت) ڕاستە، چونکە ئێمە هەروەها دەبێژین: «گشت وشەکان». ئەگەر لێم بپرسی: لە چ بەشێکی دەستەواژەدا وشە هەیە، لە وەڵامدا دەڵێم: لە ناودا. دەکرێ ئەمە ئەو هۆکارەبێ بۆچی ڕاناو دەخرێتە پاڵ ناوەوە، بەو پێودانگە دەربڕینەکەی تۆ ڕاستودروستە.

(١٤) **ئۆگۆستین:** ڕاستە ئەمە زرنگی و تیژبڕکردنی هزرییە، بەڵام تۆ خۆت بە هەڵە بردووە. ئیتر بۆ ئەوەی هیچی تر خۆت بە هەڵە نەبەی، ئەوپەڕی ئاگاداری ئەمە بە کە من دەیڵێم، ئەگەر بێتو بەگشتی ئەمە لە توانایی مندا بێ وەک دەخوازم دەری ببڕم، بە وشە قسە لە وشە بکەی وەک ئەوە ئاڵۆز و سەختە کە پەنجەکان بچنە ناویەک و بیانخورێنی، جگە لەوەی ئەو کارە دەکات، بە دەگمەن نەبێ کەس ناتوانێ بزانێ کام قامکە ئەوی دیکە دەخورێنێ و کامەیە ئەوی دەخورێ.

**ئەدیودات:** سەیرکە، من بەدڵ و گیان لەلای بابەتەکەم، ئەو نموونەی تۆ هێناوتەوە، ئەوپەڕی سەرنجی ڕاکێشام.

**ئۆگۆستین:** بەدڵنیاییەوە وشەکان لە دەنگ و پیتەوە پێکدێن.

**ئەدیودات:** ئەمە وایە.

**ئۆگۆستین:** با ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی لەلای بەرزترین دەسەڵات کە زۆر لێمانەوە نزیکە، هەڵوەستەیەک بکەین و پەنای بەرینەبەر. کاتێک سەحابە پاولوس گوتوویەتی: «لە مەسیح دا بەڵێ، یان نەء نەبووە، بەڵکو تەنیا هەر بەڵێ» هەبووە (کورنتە)

(١ : ١٩). نابێ مرۆڤ، ئەوی مەبەستمە، ئەوە پەسند بکات کە چوار پیتی بەڵێ «لە ئەڵمانیدا دوو پیتە- وەرگێڕ» کە ئێمە گوتمان «بەڵێ» «Ja» بەڕاستی لە ناخی مەسیح دایە، بەڵکو ئەوە هەیە کە بەهۆی ئەو چوار پیتەوە دیار و دەستنیشان کراوە.

**ئەدیودات:** ڕاست دەکەی.

**ئۆگۆستین:** ئیتر تۆ تێدەگەی ئەو کەسەی گوتوویەتی: بەڵێ لە ئەودا بووە لەوە پتری نەگوتووە کە بەڵێ وادەگەیەنی، چی لە ناخی ئەودا بووە. وەک ئەوەیە ئەگەر بیگوتبایە: چاکەکاری لە ناخیدایە. دەبێ ئەو دەربڕینە لە هەموو ڕەوشەکە تەنیا هەر بەو جۆرە تێ بگەیشترێ: چاکە کاری ئەوەیە؛ «چی لە ناخی ئەودا بووە». ئیتر نابێ ئێمە ئەوە مەبەستمان بێ کە ئەو چەند بڕگەیە کە دەرمان بڕین کاتێک گوتمان چاکەکاری لە ناخی ئەودا بوون، لەو دابن، بەڵکو ئەوەی دەری دەبڕن و ئاماژەی پێ دەدەن لەوێدا هەن.

**ئەدیودات:** من تێ دەگەم و دەیسەلمێنم.

**ئۆگۆستین:** بەو پێیە ئیتر ڕوون و ڕەوانە کە هیچ جیاوازییەک لەوەدا نییە کاتێک دەگوترێ: بەڵێ بەو واتایەیە، یان بەڵێ ئەوە ناو دەبات کە لەودا هەبووە.

**ئەدیودات:** با ئەوپەڕی ڕوون و ئاشکرایە.

**ئۆگۆستین:** هەروەها ئەوەش ڕوونە کە هیچ جۆرە جیاوازییەک لەوەدا نییە ئایا بگوترێ «بەڵێ» بەو واتایە، یان بەڵێ ئەوە دەڵێ: چ لەودا هەبووە.

**ئەدیودات:** منیش لێرەدا هیچ جیاوازییەک نابینم.

**ئۆگۆستین:** ئایا ئیتر تۆ دەبینی دەخوازم ئاماژە بەچی بدەم و بەرەو کوێ بچم؟!

**ئەدیودات:** بە تەواوەتی نەء.

**ئۆگۆستین:** ئایا نابینی کە ناو ئەوەیە بەهۆیەوە شتێک ناو دەبردرێ؟!

**ئەدیودات:** با هیچ شتێک لەوە پتر دڵنیایی لێ ناکرێ.

**ئۆگۆستین:** ئیتر لەلات ڕوونە کە «بەڵێ» ناوێکە، ئەگەر ئەوەی لە مەسیح دا هەبووە بکرێ بە (بەڵێ) ناوببرێ.

**ئەدیودات:** ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم.

**ئۆگۆستین:** بەڵام ئەگەر من لێت بپرسم لە چ بەشێکی ڕستەدا «بەڵێ» هەیە، وەک من بۆی دەچم، تۆ ناڵێی ناو، بەڵکو دەڵێی وشە. ئەگەر چی کردەی ساغ کردنەوە فێرمان دەکات کە ئەو خۆیشی ناوێکە.

**ئەدیودات:** ئەوی گوتت ڕاستە.

**ئۆگۆستین:** ئایا تۆ گومان لەوە دەکەی بەشەکانی دیکەی ڕستە بەو جۆرە بن، هەروەک ئێمە نیشانماندان کە ناون؟

**ئەدیودات:** نەء، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێم ئەوان شتێک دیار و دەستنیشان دەکەن. خۆ ئەگەر دەربارەی ئەو شتانەی نامەکان دەریان دەبڕن لێم بپرسی: چ ناوێک دەدرێتە پاڵ هەر تاکێک لەوان، واتە بەوەی هەرشتە ناوی پێ دەبرێ، لە وەڵامدا دەڵێم: بەگشت بەشەکانی ڕستە ناودەبرێ کە ئێمە ناویان پێ ناڵێین، بەڵام وەک من دەبینم بەپێی کاری ساغ کردنەوە، دەتوانن بەوە ناوببرێن.

(١٥) **ئۆگۆستین:** ئایا ئەوە بەهیچ شێوازێک نارەحەتت ناکات ئەگەر بێتو کەسێک دەرکەوێ و کردەی ساغ کردنەوەکەمان پووچەڵ بکاتەوە و بڵێ گوایە دەبێ لە شتدا، نەک لە قسەدا ددان بە دەسەڵاتی سەحابەکەدا (Apostel- یاوەرانی مەسیح- وەرگێڕ) بنرێ، ئیتر بۆیە بنەمای قەناعەت هێنانەکەمان پتەو و قایم نییە وەک ئێمە باوەڕمان کردووە. دەکرا بەو جۆرە بوو بێت کە پاولۆس ئەگەرچی بەوپەڕی تەواوی بەڕاستی ژیاوە و فێرکاری کردووە، بەڵام بە کەمی لە دەربڕینەکانیدا سەرکەوتووبووە. گوتوویەتی «بەڵێ» لەودابووە، بەتایبەتی ئەو خۆی پێی لێ ناوە کە لە گوتاردانداـ لێهاتوو و شارەزا نەبووە.

«کورنته ١٢» (١١-٦). ئیتر بە باوەڕی تۆ چۆن پێویستە ئەو گازندەیە پووچەڵ بکرێتەوە؟!

**ئەدیودات:** من هیچ نازانم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، بۆیە تکات لێ دەکەم یەکێک لەوانەم بۆ سۆراغ بکەی کە لە دەڤەری وشەدا ئەوپەڕی شارەزابێ و دانی پێدانرابێ، بۆ ئەوەی پشت ئەستوور بەو دەست ڕۆیشتوویەی تۆ بتوانی باشتر بەرەو پێش بچێ.

**ئۆگۆستین:** بە کردەوە و ئەوی ڕاست بێ، وا بۆت دەردەکەوێ کە ئەگەر مرۆڤ ئەو دەسەڵاتانەی پشتگوێ خست، ساغ کردنەوە بە تایبەتی بێ سوود دەردەکەوێ کە پشت ڕاست بێتەوە، بەهەموو بەشەکانی دەستەواژە شتێک دەستنیشان دەکرێت بەهۆیەوە ناوی لێ دەنرێت و

بەناو دەکرێت، ئەگەر ناوی هێنرا، ئەمەش دەکرێ لە چەند زمانێکی جیاوازدا ساغ بکرێتەوە، چ کەسێک نکوڵی لەوە دەکات؟! ئەگەر لە یۆنانییەک بپرسم ئێوە لە بەرانبەر و لە جیاتی: «کێ، دەخوازم، چاکەکاری نووسراو، و، هی، بەداخەوە» «ئامرازی پرسیار، کردار، ڕاناو- ئاوەڵناو، ناوی بەرکار، پیتی پێوەندی: ئەوی پرسیار دەربارەی ئەو بەشانەی ڕستە بکات کەمن ناوم هێنان، لە قسەکەیدا ڕاستی دەپێکێ، ئەمە نەدەکرا ئەگەر ئەو بەشانە چەند ناوێک نەبوونایە. لەبەر ئەو هۆیەو پشت ئەستوور بەو سەلمێنە ساغ کەرەوەیە و بە پشتگوێ خستن و وەلانانی دەسەڵاتی ڕەوانبێژە شارەزاکان لەو کایەیەدا، قسەکەی پۆلس ڕاستودروستە، کەوابوو چیتر پێویست بە پرسین دەکات پشت بە چ کەسێک ببەسترێ بۆ ئەوەی بکرێ بیروبۆچوونەکەمان بپارێزرێ.

## دەستەواژە، ناو، کردار، ناکردن

(١٦) **ئۆگۆستین:** ئیتر تەنیا هەر پیاوی تەمبەڵ، یان بێ شەرم لەبەردەم دەسەڵاتەکاندا نەبێ، دان بەمەدا نانێ و نایسەلمێنێ و ناتوانێ هەمیشە بەردەوام لەسەر هەڵوێست و ڕەوشی خۆی سووربێ و پێداگری و مسۆگەری بکات. لە زمانی لاتینیدا کێ باشتر دەبینی لە شیشەرۆن بەولاوە Cicero، بەڵام ئەم لە وتارە بەناوبانگەکانیدا کە بە چەند وتارێک «دژی ڤێرییەکان» ناسراوە، ئامرازی پێوەندی «لەپێش Vor» بە «ناو» داناوە- دەکرێ ئەمە لەو جێگایە ناسراوەدا بە ڕاناویش دابنرێ- دوور نییە من بە باشی لەو بڕگەیە تێ نەگەم و لەوانەیە لەلایەن من، یان کەسانی دیکە لە بۆنەی تردا بە جۆرێکی تر ئەو بڕگەیە لێک بدرێتەوە و شرۆڤەی بۆ بکرێ. ئیتر بزانە! شتێک هەیە، بەپێی بۆچوونی من هیچ دەرفەتی وەڵامدانەوە و ڕەتکردنەوەی نییە. مامۆستا بە ناوبانگەکانی هونەری وتار خوێندنەوە، بە تایبەتی ئەوەیان هێناوە و لەدوایاندا ماوەتەوە کە ڕستەیەکی تەواوەتی کە نا، یان ئا بکرێ لە ناو و کردار پێک دێت، شیشەرۆن ئەو فۆرمە لە جێگایەکی دیاریکراوی نووسینەکەیدا بە «دەستەواژە» ناودەبات. خۆ ئەگەر کردارەکە لە کەسی سێیەمدا بێت، ئەوە دەبێ ناوەکە نۆمینە تیڤ (مەرفوع) بێت. بەو پێیە ئەوان لەسەر هەقن. ئەگەر تۆ لەگەڵ من پێکەوە بیربکەینەوە: ئێمە شتێک دەڵێین: پیاوەکە دانیشتووە، ئەسپەکە دەڕوات، ئەوە دەبینی و دەزانی کە ئەمانە دوو دەستەواژەن.

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** تۆ دەبینی لە هەردووکیاندا ناو هەیە. لە یەکێکیاندا «مرۆڤ» لەوی تردا «ئەسپ»، هەروەها کرداریش هەیە. لە یەکێکیاندا «دانیشتووە» و لەوی دیکەدا «دەڕوات».

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** ئەگەر دواتر بمگوتبایە «دادەنیشی»، یان تەنیا هەر «دەڕوات». ئەوە تۆ لەسەر هەق بووی کە لێم بپرسی کێ؟ چی؟ ئیتر من وەڵامم دەدایەوە:

پیاوەکە، یان ئەسپەکە، یان زیندەوەر، یان هەر شتێکی دیکەی لەو جۆرە. کەوابوو دەتوانین بەوەی ناوەکە بخەینە سەر کردارەکە، دەستەواژەیەکی تەواوەتی دەستگیر ببێ کە دەکرێ ئا، یان نا بکرێت.

**ئەدیودات:** تێ دەگەم.

**ئۆگۆستین:** ئێستا ئاگاداری شتی تر بە کە ماوە، وای بۆ بچۆ کە ئێمە لە دوورەوە شتێک دەبینین و بە تەواوەتی نازانین ئایا ئەو زیندەوەرە، بەردێکە، یان شتێکی دیکەیە، بەڵام من ئەگەر پێت بڵێم: «لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤێکە، ئەوە ئەو زیندەوەرە» ئایا من لەو قسەیەمدا هەڵەشەییم نەکردووە؟

**ئەدیودات:** ئەوپەڕی هەڵەشەییە. ئەوکاتە هەڵەشەیی و قسەی بێ سەروبەر نەدەبوو، ئەگەر بتگوتبایە: «ئەگەر ئەو مرۆڤێک بێت، ئەوە ئەو زیندەوەرە.»

**ئۆگۆستین:** هەق بە تۆیە و ئیتر لە دەربڕینەکەدا «ئەگەر» بەدڵمە هەروەها بەدڵی تۆشم، بەڵام هەردووکمان لە قسەکەی مندا «چونکە»مان پەسند نییە.

**ئەدیودات:** لەگەڵتدام.

**ئۆگۆستین:** ئێستا تەماشا بکە. ئایا ئەو دوو ڕستەیە، دەستەواژەی تەواوەتین: «ئەگەر پەسندە» «چونکە پەسند نییە».

**ئەدیودات:** ئەوپەڕی تەواون.

**ئۆگۆستین:** باشە کەواتە ئێستا پێم بێژە، کامە لەوێدا کردارە و کامەیان ناوە؟

**ئەدیودات:** وەک من دەیبینم لەوێدا «پەسند و پەسند

نییه» کردارن و وەک ناو تەنیا «ئەگەر و چونکە» هەیە.

**ئۆگۆستین:** کەوابوو بەو پێیە هەردوو ئامرازی پێوەندی ناون، هەروەک بە تێروتەسەلی ساغ کرایەوە.

**ئەدیودات:** بەوپەڕی تێروتەسەلییەوە.

**ئۆگۆستین:** ئایا لە توانایی‌تدا هەیە کە بەپێی ئەو ڕێنماییە خۆی، خۆت بە تەنیا ساغی بکەیتەوە، ئەوەی پێوەندی بە بەشەکانی ڕستەی ترەوە هەیە؟

**ئەدیودات:** بەڵێ:

(١٧) **ئۆگۆستین:**: با بەردەوام بین ئیتر، ئێستا پێم بڵێ، ئایا لەو باوەڕەدای، وەک ناسراوە، هەموو وشەکان ناون و هەموو ناوەکان وشەن و گشت ناوەکان دەنگن و دەنگەکان وشەن؟

**ئەدیودات:** من هیچ جۆرە جیاوازییەک لە دەنگ و بڕگە بەولاوە لەنێوان ئەواندا بەدی ناکەم.

**ئۆگۆستین:** منیش ئێستا هیچ ڕەخنە و گازندەیەکم نییە بیکەم، ئەگەرچی کەسانێک هەن کە بەپێی ئەرکی دەستنیشان کردن لە یەکتری جیایان دەکەنەوە: ئێستاکە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێویست ناکات بیروبۆچوونیان بخرێتە ژێر تیشکی ساغ کردنەوە. بەدڵنیاییەوە تۆ هەست دەکەیت کە ئێمە گەیشتینە لای ئەو سیمبۆلانە، جگە لە جیاوازی دەنگ، یەکتری دەستیاویانە دیار و دەستنیشان دەکەن و لەگەڵ هەموو بەشەکانی ڕستەی تردا خۆشیان دەستنیشان دەکەن.

**ئەدیودات:** من تێ ناگەم.

**ئۆگۆستین:** ئایا تێ ناگەی کە ناو بەهۆی دەنگ (وشە) و دەنگ وشە بەهۆی ناوەوە دیاری دەکرێ و دەردەبڕدرێ، تەنانەت بەو جۆرە کە لەنێوانیاندا جگە لە دەنگی پیتەکان، هیچ جۆرە جیاوازییەک نییە، ئەوەندەی پێوەندی بە ناوەوە هەیە. ئێمە بە تایبەتی قسە لە ناوەکان دەکەین، ئەمە بەو شێوازە لە هەشت بەشە ڕستەکاندا بەدی دەکرێت و حەوتەکەی تر ناگرێتەوە.

**ئەدیودات:** من تێ دەگەم.

**ئۆگۆستین:** بە تەواوەتی ئەمە ئەوەیە کە گوتم: دەنگ «وشە» و ناو دەستیاویانە یەکتری دیار و دەستنیشان دەکەن و یەکتری دەردەبڕن.

**ئەدیودات:** من تێ دەگەم، من پرسیارێکم بەبیردا دێت، مەبەستت لەوە چییە: ئەوان پێکەوە لەگەڵ بەشە ڕستەکانی تردا خۆشیان دیار و دەستنیشان دەکەن.

(١٨) **ئۆگۆستین:** ئایا پرۆسەی بەڵگە هێنانەوەی پێشوو فێری نەکردین کە گشت ڕستە بەشەکان بەناو، هەروەها بەدەنگەکان دەگوترێ، واتە دەکرێ بەناو، یان بە دەنگ ئاماژەی پێ بدرێ و دەرببڕدرێ؟!

**ئەدیودات:** ئەمە وایە.

**ئۆگۆستین:** ئیتر چۆن، ئەگەر لێت بپرسم: تۆ چۆن ناوەکان خۆیان، واتە ئەو دەنگەی بە دوو بڕگە دەردەبڕدرێ؟ ئایا تۆ بەڕاستی وەڵامم نادەیەوە کە: پێی دەڵێم ناو؟

**ئەدیودات:** بەڵێ.

**ئۆگۆستین:** ئایا ئەو سیمبۆلەی تۆ بەناو ناوی دەبەی کە ئێمە بە چوار بڕگە دەری دەبڕین، بە هەر شێوازە، کە خۆی خۆی دەردەبڕێ، کاتێک ئێمە دەڵێین وشەی پێوەندی؟ ئەو ناوە لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو ئەوانەدا نییە کە ئەو نیشانیان دەدات و بەوان ناژمێرێ.

**ئەدیودات:** ئەوە بە تەواوەتی پەسند دەکەم.

**ئۆگۆستین:** ئەمە واتای تێبینییەکامە کە ناو بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێکی دیکەدا کە ئەو دیاری دەکات، خۆی دەردەبڕێ و دەستنیشان دەکات، تۆش دەتوانی خۆت بەو پێیە لە دەنگەکە دڵنیابی و پشت ڕاستی بکەیتەوە.

**ئەدیودات:** ئەمە ئێستا سووک و ئاسانە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم شت من خۆم هۆشم لەوەیە کە دەکرێ بەگشتی و بە تایبەتی قسە لە ناو بکرێت، بەڵام دەنگ ناکرێ لەژێر هەشت بەشە ڕستەکاندا دابنرێ، هەربۆیە من لەو باوەڕەدام جگە لەجیاوازی دەنگەکان، جیاوازی لەنێویاندا هەیە.

**ئۆگۆستین:** ئیتر پتر، ئایا تۆ لەو باوەڕەدای کە وشەی «ناو» بە لاتینی و وشەی «ناو» بە یۆنانی جگە لە جیاوازی دەنگ لەنێوان هەردوو زماندا، کە زمانی لاتینی و زمانی یۆنانی لە یەک جیا دەکاتەوە، جیاوازییەکی دیکە پشت ڕاست دەکرێتەوە؟!

**ئەدیودات:** لەو جیاوازییە بەولاوە جیاوازییەکی تر نازانم.

**ئۆگۆستین:** ئێستا ئێمە گەیشتینە ئەوەی چەند سیمبۆلێک بوونی هەیە کە خۆیان دەستنیشان دەکەن و پێکەوە دەستیاوی یەکتری دەردەبڕن، گشتی، ئەوی لەلایەن یەکێکیانەوە دەردەبردرێ لەلایەن ئەوی دیکەش

دەردەبڕدرێ، جگە لە دەنگ لە هیچی تردا جیاواز نین. بەو پێیە ئێمە ئەو جۆرەی چوارەممان دۆزییەوە، سێیەکەی پێشووتر دەکرێ لەلایەن ناو، هەروەها لەلایەن وشەوە ڕابگەیەنرێن.

**ئەدیودات:** ئێمە بەم ئاقارە گەیشتین.

## پێداچوونەوە

(١٩)٧: **ئۆگۆستین:** ئێستا حەز دەکەم تۆ بە هەموو ئەوەدا بچیتەوە کە تا ئێستا لە هاو پەیڤینەکەماندا پێی گەیشتین.

**ئەدیودات:** بەپێی توانستم ئەوەندەی لە دەستم بێت دەمەوێ ئەمە بکەم. یەکەم شت، ئەوەندەی من لەبیرم بێت، ماوەیەک پرسیمان بۆچی ئێمە دەپەیڤین، دوایی دەرکەوت کە ئێمە بە نیازی فێرکردن، یان وەبیرهاتنەوە قسە دەکەین، کاتێک ئێمە دەپرسین، دەبێ ئەوەی لێی دەپرسرێ فێر بێ و ئێمە دەخوازین گوێمان لە چی بێ و چ ببیستین. ئێمە کاتێک گۆرانی دەبێژین وا پێ دەچێ بۆ خۆشی و دڵخۆشی بوون بێ- نەک بە واتای تەواوەتی مەبەست- هەروەها لە نوێژکردندا بۆ ڕەب، نابێ لە بارەیەوە وای دابنێین ئەو شتێک فێر دەبێ، یان وەبیری دێتەوە. توانایی و ئەرکی وشەکان ئیتر ئەوەیە ئێمە خۆمان، یان کەسانی دیکە بەهۆی ئێمەوە شتیان وەبیر بێتەوە، یان شت فێر بین، دوای ئەوەی وەک ڕاستییەک بەلایەکدا خرا، کە وشەکان لە سیمبۆل بەولاوە نین، بەڵام ئەوی شتێک دەستنیشان نەکات و دەری نەبڕێ و ئاماژەی پێ نەدا بە سیمبۆل دانانرێ. پارچە هەڵبەستێکت بۆ پێشنیار کردم بۆ ئەوەی دەری بخەم وشە تاکەکان چی دیار و دەستنیشان دەکەن. هەڵبەستەکە ئەمەیە:

«Si nihil ex tanta superis Placet urbe re-lingui» «ئەلیادە، کتێبی یەکەم- دێڕی ٦٥٩. بە ئەڵمانی بەو جۆرەیە: «ئەگەر بە دڵی خواوەندەکان بێت، هیچ شتێک لەو شارە گرینگە بەپێوە نامێنێ» ، ئەگەرچی وشەی هیچ، ناسراو و ئاشکرایە، بەڵام نەمانتوانی ئاشکرای بکەین ئاماژە بە چی دەدات و چی دەردەبڕێ، کاتێک بۆم ڕوون بۆوە ئێمە بەبێ بنەما و هەڕەمەکییانە ئەو وشەیەمان لە قسەکردندا بەکارنەهێناوە، بەڵکو خواستوومانە گوێگر لە شتێک ئاگادار بکەینەوە، تۆ وەڵامت دامەوە گوتت: ئەو وشە هەڵچوون و وورووژاندنی دەروون دەگەیەنێ کە بەدوای شتێکدا دەگەڕێ و دوایی بۆی دەردەکەوێ ئەو شتە بوونی نییە، یان تۆ لەو باوەڕەدای کە ئەو شتە دەدۆزیتەوە، بەڵام خۆت لەمە بوارد- بە جۆرە گەمەکردنێکەوە- بچیتە نێو کێشەیەکی سەختی زەبەللاحەوە و یەکلایی کردنەوەکەت دواخست، کەچی من بەڵێنەکەتم لەبیر نەچووە کە لە بارەیەوە دات. کاتێک ویستم وشەی سێیەم لە هەڵبەستەکە شرۆڤە بکەم تۆبزیت لێ کردم کە وشەیەکی بەرانبەری نەهێنم، بەڵکو بۆت ڕوون بکەمەوە ئەو وشەیە ئاماژە بە چ شتێک دەدات، منیش لە وەڵامدا وتم ئەمە لە قسەکردندا لەکردن نایەت، دواتر گەیشتینە ئەو شتانەی بە پەنجە و قامک ئاماژەیان پێ دەدرێ بۆ ئەو کەسەی لێیان بپرسێ. من وام دادەنا کە ئەوان هەموو شتە جەستەییەکانن، بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت ئەوان تەنیا هەر ئەو شتانەن کە دەدیترێن. ئیتر نازانم چۆن قسە کردنەکەمان گەیشتە لای کەڕ و نابیست و ئەکتەران، کە ئاماژە بە بزووتنەوە و جوولاندن دەدەن: نەک تەنیا هەر بەشتە دیتراو و بەردیدەکان، بەڵکو بە شتی تری زۆر و زەبەندە و گشت ئەوانەی قسەمان لێ کردن. لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتینە ئەوەی کە ئەو جۆرە جوولان و بزووتنەوانەش سیمبۆلن.

ئەنجا ئەو پرسیارەمان کرد: چۆن دەتوانین بەبێ سیمبۆل ئاماژە بەو شتە بکەین؟ کە سیمبۆل ئاماژەی پێ دەدات. دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە بە سیمبۆل ئاماژە بەو دیوارە و ئەو ڕەنگە و گشت ئەوانە دەدرێت کە بە چاو دەدیترێن. لەبەرئەوەی من بە هەڵە وام دانابوو ئەمانە لە کردن نایەن، لە دواییدا دەرکەوت کە دەتوانرێ بەبێ سیمبۆل ئاماژە بەو کار و کردارانە بدرێ کە پرسیارمان لە بارەیانەوە لێ دەکرێ و دەکرێ ئێمە بیانکەین دوای ئەوەی داوامان لێ دەکرێ. قسەکردن ڕاستە لەو جۆر و بابەتە نییە، بەڵام ئەگەر لە قسەکردندا لێمان بپرسێ زمان چییە؟ ئەوە ڕوونە کە هەر بە زمان خۆی ئاسانە ئاماژەی پێ بدەین و ڕوونی بکەینەوە.

(٢٠) ئەمەمان گوت بۆ ئەوەی بیهێنینەوە بیر و یاد کە بەهۆی سیمبۆل، سیمبۆلێکی دیکە، یان بەهۆی سیمبۆل شتێکی تر کە سەر بە سیمبۆلەکە نییە، یان هەروەها بەبێ سیمبۆل ئاماژە بە چالاکی کردار بدرێت، ئەمەش لە وەڵامی پرسیارێکدا کردمان، ئەنجا بڕیارمان

دا لە سێ ڕەوشەکە یەکەمیان ورد و تیورییانە تاووتو بکەین. ئەو تاووتو و قسە لێ کردنە دەری خست لە بەشێکیدا چەند سیمبۆلێک هەیە کە لەو سیمبۆلانەن ئەوان دیار و دەستنیشان دەکەن، بەڵام ناکرێ خۆیان دەستنیشان بکرێن ئەمە چوار برگەییەکان دەگرێتەوە کاتێک قسە لە «وشەی پێوەندی» دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە، لە بەشێکی دیکەیدا چەند سیمبۆلێک هەن بەهۆیانەوە ئەم کارە دەکرێت. وەک ئەوەی کە ئێمە قسە لە «سیمبۆل» دەکەین وشەیەک دەردەبڕین و کاتێک دەڵێین «وشە» سیمبۆلێک دیاری دەکەین. ئیتر سیمبۆل و وشە لەلایەکەوە دوو سیمبۆلن و لەلایەکی دیکەوە دوو وشەن. لەو جۆرە (کلاسە) سیمبۆلانە کە دەستیاوی یەکتری دیار و دەستنیشان دەکەن، دەستیان بە زۆر شت ناگات و هەندێکیان زۆر شت دەگرنەوە و هەندێکی تری دیاریکراویان تەنیا هەر خۆیان دەگرنەوە، بە واتایەکی دیکە هەندێکیان لە واتادا یەکسان و وەک یەکن هەندێکی دیکەیان جیاوازن و هەندێکی تریان لە واتا و دەربڕیندا یەکسانن.

وشە دوو برگەییەکە کاتێک باسی «سیمبۆل» دەکەین، گوێمان لە دەنگەکەی دەبێ بە ئاسانی هەموو شتێک دەستنیشان دەکات، بەڵام کاتێک دەڵێین «وشە»، ئەمە سیمبۆلی هەموو سیمبۆلێک نییە، بەڵکو تەنیا هی ئەوانەیە کە بەهۆی دەربڕینی دەنگەوە پەیدا دەبن و دەکەونەوە، بۆیە لەمەوە دەردەکەوێ: ئەگەرچی لە هەمان کاتدا، وشە بەهۆی سیمبۆل و سیمبۆل بەهۆی وشەوە، واتا یەک برگەیی بەهۆی دوو برگەیی و دوو برگەیی بەهۆی یەک برگەییەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت، ئەوە «سیمبۆل» بایەخێکی پتری لە «وشە» هەیە، چونکە پتر لە وشە بڕ دەکات و درێژ دەبێتەوە و ئەو دوو برگەییە پتر لە یەک برگەییەکە ئاماژە دەدات و شت دیار و دەستنیشان دەکات، بەڵام وشە بەگشتی و ناو بەگشتی یەکسانن لەواتادا. پرۆسەی بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن بە تایبەتی فێری کردین کە گشت بەشەکانی ڕستە ناون، چونکە ئێمە دەکرێ ڕاناویان بخەینە سەر و دەتوانین بڵێین ئەو بەشانە بۆ ناونانی شت بەکاردێن، بەڵام ناکرێ هیچ بەشێکی بخرێتە سەر کردار بۆ ئەوەی ببێتە دەستەواژەیەکی تەواوەتی دەربڕ. ئەگەر ناو و وشە لە واتادا یەکسان بوون وشەکانیش ناون کەواتە هەردووکیان ناون، ئەگەرچی هەمان واتاشیان نەبێت. مرۆڤ بەهۆی هۆکارێک باسی وشە دەکات و بەهۆی هۆکارێکی ترەوە قسە لە ناو دەکات، ئەمەش بە باوەڕێکی پتەوەوە بە تێروتەسەلی ڕوون کرایەوە. بەپێی داتا ئیمپرییە (ئەزموونی)یەکان یەکێک لەوان بۆ ئەوە بەکاردێ بەرگوێ بکەوێ و ئەوی تر بۆ ئەوەی وەبیرهاتنەوەی دەروون دەستنیشان بکرێ. ئەمە لەوەدا دەزانرێ، ئێمە کە قسە دەکەین دەمانەوێ شتێک بە یاد و وەبیرهاتنەوە بسپێرین، ئەوکاتە دەردەکەوێ کە قسەیەکی ڕاست دەکەین: ئەو شتە چ ناوێکی هەیە؟! بەڵام ئێمە ڕانەهاتووین بڵێین: ئەو شتە چ وشەیەکی هەیە؟! وەک نموونەی سیمبۆلەکان کە نەک فرە، بەڵکو بەگشتی هەمان شت نیشان دەدەن لەنێواندا بە دەر و جگە لە دەنگ و پیتەکان هیچ جیاوازییەکی دیکە نییە، ئێمە لێرەدا «ناو»مان ڕاگەیاند. شتێکی تر ماوە کە من نەمگوتووە: لەنێو جۆری چینی سیمبۆلەکاندا کە دەستیاوی یەکتری دەستنیشان دەکەن و ئاماژە بە یەکتری دەدەن، نیانە کە ئاماژە بەخۆی نەکات، ئاماژە بە شتی تر دەدات، ئەمە ئەوەبوو کە من تائێستا لەبیرمە. تۆ بە باوەڕی من شتێکت نەدرکاند ئەگەر بە زانین و دڵنیایی پشت ئەستوور نەبووبێ، حەز دەکەی ئێستا بە وردبوونەوەیەکی ورد بڕیاربدەی ئایا من ئەو بابەتانەم بە دروستی و بە نەزم و ڕێکوپێکی گوتەوە؟!

**پشوو**

٨(٢١) **ئۆگۆستین:** بە ڕاستی تۆ بە یادەوەرییەکی چاکەوە یەکجار هەموو ئەوانەی کە من دەمویست بەبیرت هێنایەنەوە و وا بۆم دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی دانت بۆ پێدا بنێم ئەو شتانە ئێستا پتر ڕوون و ئاشکران لە چاو پێشتر کە هەردووکمان پێکەوە شرۆڤەمان دەکرد و لێمان دەکۆڵینەوە و کێ دەیزانی تیشک بخرێتە سەر چ کەلێنێکی پەنای شاردراوە، بەڵام لەگەڵ تۆ من مەبەستم لەو گەیشتنە چی بووە بەو ڕێگا پڕ پێچ و پەنایەدا؟ لێرەدا قورس و سەختە بگوترێ. دوور نییە تۆ وا باوەڕ بکەی کە ئێمە گەمە دەکەین و بەهۆی خۆ خەریککردن بە چەند کێشەیەکی زارۆکانەوە (منداڵانەوە) خۆمان لە بابەتە گرینگەکان بەلاڕێدا دەبەین، یان بەدوای سوودێکی بچووک، یان ناوەنجیدا دەگەڕێین، یان ئەگەر

تۆ وا باوەڕ بکەی کە ئەو هاوپەیڤینە دەیەوێ بگاتە شتێکی بە سوود و گرینگ، حەز دەکەی ئێستا کە بزانیێ، یان بەلای کەمەوە لە بارەیەوە شتێک شارەزا ببی، حەز دەکەم باوەڕم پێ بکەی: من بەو وتووێژە نەمویستووە هیچ نمایشێکی بێ بایەخ بکەم- ئەگەرچی دوور نییە من هەندێک جار بەگاڵتە کردنەوە شتم درکاندبێ- نابێ ئەمە بە منداڵ جاڕی و کەمی دابنرێ، ئەگەر من گوتم: بەختەوەری و ژیانی هەتاهەتایی (نەمریی) هەیە، داواکارم ڕەب بەرەو چی و کوێ ڕابەریم بکات! بەرەو ڕاستی و ڕاستەقینە خۆی بە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا کە لەگەڵ لاوازیی هەنگاوەکانماندا بگونجێن، دەبێ من ئەو ترسە لە دڵمدابێ کە من جێگای پێکەنین بم و پێم پێ بکەنن، چونکە ئەو ڕێگا گرنگەم گرتووە نەک بەهۆی سەرنجدانی بابەت و شمەکەکانەوە خۆیان کە دەبێ دیار و دەستنیشان بکرێن و ئاماژەیان پێ بدرێ، بەڵکو بەوە دەستم پێ کردووە سیمبۆلەکانیان بکەم بە کەرەستەی توێژینەوە. دەبێ تۆ لێم ببووری کە بەو جۆرە دەستم پێ کردووە و مەبەست و نیازم پێوەندییان بە گەمە و یاری کردن لەگەڵتدا نەبووە و لەپێناوی گەمەدا نییە، بەڵکو بۆ ئەوەم بووە بە مەشق و پەراوە و ڕاهێنان هێزەکانی دەروون و ژیر و توانایی وردبوونەوەی وردتر گەشە و پەرەپێ بدەم بۆ ئەوە و بەو نیازەی بەهۆی گەرموگوڕی و ڕۆشنایی ئەو کایە و دەڤەرەوە کە ژیاری بەختەوەری لەوێدا بەدەست دێت نەک هەر بچینە ژێر باریەوە، بەڵکو خۆشمان بوێ و بتوانین شەیدای بین.

**ئەدیودات:** گیانە بەردەوام وەک چۆن دەستت پێ کرد، هیچ جارێک نامەوێ، ئەوەی بە باوەڕی تۆ شایستەی گوتنە و بایەخی باسکردنی هەیە، سەرزەنشت بکەم.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی زمان و فێربوون چوونەوە سەر سیمبۆلەکان

(٢٢): باشە! ئێمە دەمانەوێ دواتر دەربارەی ئەو کایەیە توێژینەوە بکەین کە تێیدا بەهۆی سیمبۆلەوە سیمبۆلی تر دیار و دەستنیشان ناکرێن، بەڵکو ئەوەی ئێمە بە «ئامادەیی و بوونی توانایی دەستنیشان کردن» ناومان برد. پێش هەموو شتێک پێم بلێ ئایا مرۆڤ- مرۆڤە.

**ئەدیودات:** بەڕاست من ئێستا نازانم ئایا تۆ گاڵتە ناکەی؟!

**ئۆگۆستین:** چۆن وا؟

**ئەدیودات:** چونکە تۆ واباوەڕ دەکەی کە دەبوو لەمن بپرسی: ئا مرۆڤ شتێکی دیکەیە جگە لەوەی کە مرۆڤ بێت.

**ئۆگۆستین:** من لەو باوەڕەدام کە تۆ وای دادەنێی من گەمەت لەگەڵدا دەکەم کاتێک کە پرسیم: ئایا یەکەم بڕگەی ئەو ناوە «مرۆڤ» لە دوو بڕگەی «مر» «ۆڤ» بەولاوە نەبێ.

**ئەدیودات:** بەدڵنیاییەوە.

**ئۆگۆستین:** ئەگەر ئەو دوو بڕگەیە پێکەوە بنرێن، وشەی «مرۆڤ» دەکەوێتەوە، نکوڵی لەمە دەکەی؟!

**ئەدیودات:** بەهیچ جۆرێک نەء.

**ئۆگۆستین:** ئیتر من دەپرسم: ئایا تۆ لەگەڵ بە یەکەوەنانی ئەو دوو بڕگەیەی؟!

**ئەدیودات:** نەء، بەڵام دەبینم تۆ دەتەوێ بەرەو چی بچیت.

**ئۆگۆستین:** شتەکە دەربڕە، بۆ ئەوەی تۆ من بە بەدکار دانەنێی.

**ئەدیودات:** مەبەستت ئەوەیە، دەکرێ بڕیار بدرێ کە من مرۆڤ نیم.

**ئۆگۆستین:** چۆن؟ ئایا تۆ هەر ئەو بیروبۆچوونەت نییە دوای ئەوەی گشت پێشەکییەکانت سەلماند و پەسندکرد کە ڕاستن و ئەو ئەنجامەش کەوتەوە.

**ئەدیودات:** من بۆچوونی خۆمت پێ دەڵێم ئەگەر لە تۆوە ببیستم و بزانم، ئایا تۆ بەو پرسیارەت لەمن: ئایا مرۆڤ مرۆڤە مەبەستت هەردوو بڕگەکەیە، یان شتەکە خۆی بوو کە ئەوان دەستنیشانی دەکەن، پرسیت.

**ئۆگۆستین:** گیانە تۆخۆت بیلێ، بە چ واتایەک تۆ لەو پرسیارەی من تێگەیشتی، ئەگەر پرسینەکە لێڵ و تەمومژاوی بێ، دەبوو پێشەکی تۆ بە وریایی سەرنجی پرسیارەکەت دابایە و پێش دڵنیا بوونت. وەڵامت نەدابایەوە بۆ ئەوەی بۆت ڕوون ببایەوە بە چ مەبەستێک پرسیارەکە کراوە.

**ئەدیودات:** چ بەربەستێک دەبوو ئەو تەمومژاوی و ناڕوونییە لەبەردەممدا ئەگەر مرۆڤ وەڵامی هەردووکیانم دابایەوە؟! هەر چۆنێک بێت ڕاستییەکەی مرۆڤ هەر

مرۆڤە (homo)، ئەو دوو بڕگەیەش لەمە بەولاوە نین و ئەوەش کە ئاماژەی پێ دەدەن و دەستنیشانی دەکەن. لەم لاوە بەولاوە نییە کە شتەکە خۆیەتی.

**ئۆگۆستین:** وەڵامێکی ئەوپەڕی زیرەکانە بوو، بەڵام بۆ چی تۆ هەر تەنیا ناوی مرۆڤت بەدوو لایەنەکە لێکدایەوە، نەک ئەو شتانەی تر کە ئێمە قسەمان لێ کردن؟!

**ئەدیودات:** بە چ پێوەرێک گازندەم لێ دەکرێ، من ئەوانی دیکەش بەو جۆرە تێنەگەیشتبم و لێکم نەدابێتەوە؟!

**ئۆگۆستین:** تەنیا وەڵامی پرسیاری یەکەمم بدەرەوە، بەبێ ئەوەی بچیتە سەر بابەتی دیکە، ئەگەر قسەکەی منت بە چەند بڕگەیەکی دەنگدار دانابایە، وەڵامی هیچت نەدەدامەوە، چونکە من وا دەهاتمە بەرچاوت هەروەک ئەوەی پرسیارم لێ نەکردبی، ئێستا من سێ وشە بەدەنگ دێنم و من ناوەڕاستەکە دووبارە دەکەمەوە کاتێک من دەپرسم «ئایا مرۆڤ مرۆڤە» ؟! تۆ وشەی یەکەم و دواییت (Utrum homo homo sit?!) نەک وەک سیمبۆلی ڕووت، بەڵکو وەک ئەوەی کە بەهۆی سیمبۆلەکانەوە دەستنیشان دەکرێن تێی گەیشتووی، ئیتر ئەمە خۆی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا تۆ بە بڕوا و دڵنیایی تەواوەوە ئەو بۆچوونەت لەلا گەڵاڵە بووبوو کە پێویستە وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە.

**ئەدیودات:** ڕاست دەکەی.

**ئۆگۆستین:** بۆچی بەدڵت بوو لە وشەی ناوەڕاست بەپێی دەنگەکە و ئەو شتەی ئاماژەی پێ دەدات تێ بگەیت؟!

**ئەدیودات:** تەماشا بکە! من بەو جۆرە هەموو شتێک تێ دەگەم کە چۆن شتێک دیار و دەستنیشان دەکرێت، چونکە من لەگەڵتدام کە ناتوانین وتووێژ بکەین ئەگەر دەروون- ژیر- بەهۆی وشەوە ڕوو لەوە نەکات کە سیمبۆلەکان ئاماژەی پێ دەدەن، هەربۆیە نیشانم بدە، بە چ ڕێگا و شێوازێک من لە ئەنجامگیرییەکەدا کە پێی گەیشتم: «من مرۆڤ نیم» بەو هەڵەیەدا چووم.

**ئۆگۆستین:** من ناخوازم پتر بڕۆم، بەڵکو جارێکی دیکە هەر پرسیارەکە خۆی دەکەمەوە بۆ ئەوەی تۆ خۆت بتوانی بیدۆزیەوە لە چیدا و لە کوێ هەڵەت کردووە.

**ئەدیودات:** باشە.

(٢٣): **ئۆگۆستین:** ناچمەوە سەر پرسیاری یەکەمم، چونکە تۆ لێی بوویتەوە، بە تەواوەتی لەوە بکۆڵەوە، ئایا بڕگەی «مر» لە «مر» بەولاوە نییە و «ۆڤ» لە «ۆڤ» بەولاوە نییە.

**ئەدیودات:** من لەوە بەولاوە هیچی تر نازانم.

**ئۆگۆستین:** جوان بیر بکەوە ئایا لە پێکەوە لکانی هەردوو بڕگەکە مرۆڤ پێکدێت و پەیدا دەبێ.

**ئەدیودات:** بە هیچ جۆرێک من نامەوێ ئەمە بسەلمێنم، ئێمە لەوەدا یەکمان دەگرت و یەک ڕا بووین، ئەوەش بەڕاستی لە جێگای خۆیدا بوو، لەکاتی لە ئارادا بوونی سیمبۆلدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئاماژەی پێ دەدرێ و بنەمای سەرنجدانی نیشاندراوە کە پێوەر بێ بۆ پەسند کردن، یان ڕەت کردنەوەی ئەوەی دەگوترێ. ئێمە دانمان بەوەدا نا کە بڕگە دابڕاوە لێک جیابووەکان کە هیچ ڕۆڵ و ئەرکێکی دیار و دەستنیشان کردنیان نییە تەنیا هەر دەنگن.

**ئۆگۆستین:** کەوابوو لەو باوەڕەدای و سەرگەرمانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ مرۆڤ تەنیا هەر وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە دەربارەی ئەو شتانە کە بەهۆی وشەوە ئاماژەیان پێ دەدرێ و دەستنیشان دەکرێن.

**ئەدیودات:** تێ ناگەم بۆ نابێ من ئەو بیروبۆچوونەم هەبێ، ئەگەر تەنیا ئەوە بە پێشمەرج دابنرێت کە بۆ ئەمانە وشە هەیە.

**ئۆگۆستین:** دەخوازم بزانم، چۆن ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبیەوە کە ڕای هێناوین بەگاڵتەجاڕییەوە لێی ببیستین کە ئەو گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی شێری لەدەمی هاوپەیڤینەکەیدا هێناوەتە دەرێ! ئەنجا لێی پرسیوە ئایا ئەو شتانەی قسەیان لێ دەکەین لە دەممانەوە دێنە دەرەوە، یان نا، لەبەر ئەوەی هاوپەیڤینەکەی نەیتوانیوە نکوڵی لەوە بکات، بڕیاری داوە، ئەمەش بەلایەوە سووک و ئاسان بووە، ناوی شێر بۆ ئەو کەسە بهێنێ کە لەگەڵیدا دواوە. کاتێک ئەوە ڕوویداوە گاڵتەی پێ کردووە. ئەگەر گشت ئەوەی دەیلێین لە دەمەوە بێتە دەرێ، هەروەک ئەو دانی پێدانـاوە، ئەو ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە گوتی شێر، ئیتر وا دەردەکەوێ کە ئەو مرۆڤە نیازپاکە زیندەوەرێکی ترسناکی زەبەللاح ڕشاوەتەوە.

**ئەدیودات:** ئەوی ڕاستی بێ، سەخت و گران نییە ڕووبەڕووی ئەو گاڵتەجاڕییە ببیتەوە، چونکە من ئەوە

ناسەلمێنم کە هەرچی قسەی لێ بکەین لە دەمانەوە دێتە دەرێ، چونکە ئەوی ئێمە دەیلێین بریتییە لە دەستنیشان کردن، بەڵام نەک شت، بەڵکو ئەو سیمبۆلە کە شتی پێ دیار و دەستنیشان دەکەین و ئاماژەی پێ دەدەین لە دەمی قسەکەرەوە دێتە دەرێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە سیمبۆلەکان خۆیان شتە ئاماژە پێ دراوەکان بن. پێشتر باسی ئەو چین و کلاسەی (سیمبۆل)مان کرد.

(٢٤) **ئۆگۆستین:** تۆ دەتوانی سەرکەوتووانە وەڵامی ئەو کەسە بدەیتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی چی وەڵام بدەیتەوە ئەگەر لێت بپرسم ئایا «مرۆڤ» ناوە؟

**ئەدیودات:** شتێکی سروشتییە، ئەو ناوە.

**ئۆگۆستین:** چۆن؟ ئایا کە تۆ دەبینم، ناوێک بەدی دەکەم؟

**ئەدیودات:** نەء.

**ئۆگۆستین:** ئایا پێویستە پێت بڵێم چ ئەنجامێک دەکەوێتەوە؟!

**ئەدیودات:** نەء. تکا دەکەم. من خۆشم دەتوانم وەڵامەکە بدەمەوە، من وتم من مرۆڤ نیم، وەڵامی ئەو پرسیارەتم دایەوە، ئایا «مرۆڤ» ناوە. وتم ناوە.

**ئۆگۆستین:** من ئەو وێنەیە لە مێشکمدایە کە تۆ هەڕەمەکی و بێ بنەما بەسەر ئەو وەڵامەدا نەکەوتووی، ئیتر قانوونی ژیر کە لە ناخی دەروونماندایە بەسەر وریایی و ئاگادارییەکدا زاڵ بووە، بە تایبەتی من دەپرسم: مرۆڤ چییە؟ دوور نییە وەڵامەکەت ئەوەبێ کە ئەو زیندەوەرە، بەڵام من لێت دەپرسم: چ بەشێکی ڕستە «مرۆڤ»ـە، دەکرێ وەڵامە ڕاستەکەت ئەوەبێ: ئەو ناوێکە، چونکە، ئیتر، مرۆڤ ناوە و زیندەوەریشە، وەڵامێکی دروستە لە هەمان کاتدا، ڕاستە: قسە لەوە بکرێ کە ناوە لەو ڕوانگەوە کە سیمبۆلە و لەم ڕوانگەشەوە دەستنیشان دەکرێ، زیندەوەرە. ئیتر ئەوی دەپرسێ ئایا مرۆڤ ناوێکە، من ناتوانم لەم وەڵامە پتری بدەمەوە کە بابەتەکە خۆی ئەمەیە، چونکە ڕوون و ئاشکرایە ئەو دەیەوێ وەڵامەکەم لە سۆنگەی سیمبۆلەوە بێ. خۆ ئەگەر بپرسێ: ئایا «مرۆڤ» زیندەوەرێکە. دوور نەبوو من لێرە لەگەڵ ئەو بم. ئەگەر ئەو بەبێ ئەوەی «ناو» و «زیندەوەر» باس بکات و تەنیا هەر بپرسێ «مرۆڤ» چییە، دەروون، مێشک ڕوو لەوە دەکات ئەو دوو بڕگەیە «مر- ۆڤ» چی دەگەیەنێ بەپێی ئەو بنەمایانەی ئاخاوتن کە پەسندمان کردن، خۆ ئەگەر پێناسەیەکیش پێشکەش بکرێت، دەڵێم: زیندەوەرێکی ژیرە دەمرێ» یان ئەمە بیروبۆچوونی تۆ نییە؟

**ئەدیودات:** بگرە بە تەواوی وایە. ئێمە ئەگەر دانمان پێدانا مرۆڤ ناوێکە، چۆن ئێمە دەتوانین لەو ئەنجامە شەرمەزارییە کە ئەوەی لێ کەوتۆتەوە: ئێمە مرۆڤ نین، دەرباز بین؟!

**ئۆگۆستین:** ئیتر لەوە بەولاوە تۆ دەتەوێ چی بڵێی، با بەهۆی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە: ئێمە لە سۆنگەی پەسندکردنی پرسیارکەرەوە، ئەو ئەنجامەمان نەخستووەتەوە، دەتوانین خۆمانی لێ لابدەین و دەرباز بین، یان خۆ ئەگەر ئەو پێی لێ نا کە لەو ڕوانگەیەوە کەوتووەتەوە، ئەوکاتە ئەنجامگیرییەکەی نابێتە مایەی ناڕەحەتی و نیگەرانی. دەبێ من چ گومانێک دامگرێت ئەگەر بێتو من دانم پێدانا «مرۆڤ»، واتا ئەویەک بڕگەییە، نیم.

**ئەدیودات:** تۆ بە تەواوەتی ڕاست دەکەی، بەڵام بۆچی مرۆڤ بێزار دەبێ ئەگەر هاتو گوترا: «ئیتر لە ئەنجامدا تۆ مرۆڤ نیت» ئەگەرچی، بگرە بەپێی ئەو پێشەکییانە نەدەکرا هیچ شتێکی ڕاست بگوترابایە.

**ئۆگۆستین:** لەبەر ئەوەی ناتوانم ڕێگر بم لەوەی باوەڕم بەوە بێت: ئەنجامەکە دەچێتەوە سەر ئەوەی کە بەهۆیەوە یەک بڕگەییەکە ئاماژەی پێ دەدرێ و دەستنیشان دەکرێ، ئەوەندەی گوێ بیستی دەنگی ئەو وشانە دەبم، ئیتر پشت ئەستوور بەو ڕێنماییەی سروشت ئاسا بەسەر گشت شتدا جێبەجێ دەبێ: کاتێک گوێ بیستی سیمبۆل دەبین، ئاگاداری و سەرنجمان ڕوو لە شتەکان دەکەن.

**ئەدیودات:** ئەوی گوتت پەسندە لەلام.

**سەرچاوە:**

**- Augustinus: De Magistro. Uber den Lehrer. Reclam. Stutthart 1998. S.39-75.**